# ناوی هەولێر لە سەرچاوە کۆنەکاندا

**پ.ی.د. موسا محەمەد خضر**
بەشی مێژوو/کۆلیژی ئاداب
زانکۆی سەلاحەددین
Musa.khder.@su.krd

**پ.ی.د. ئارام جەلال حەسەن**
بەشی شوێنەوار/کۆلیژی ئاداب
زانکۆی سەلاحەددین
Aram.hassan@su.edu.krd

**کەیفی جەلال تەها**
قوتابخانەی دواناوەندی ئیسلامی شەقلاوە
وەزارەتی پەروەردە
xoshnaw.kayfe@gmail.com

**پوختە**

ئەو توێژینەوەیە باسی پێگەی جوگرافی شاری هەولێر و ناوەکەی لە سەردەمە جیاوازەکانی مێژوودا دەکات، شاری هەولێر مێژوویێکی زۆر کۆنی هەیە تاوەکو ئێستا بە دروستی نازانرێت، بەڵام بۆ یەکەمین جار ناوهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەکەدییەکان، پاشان لە سەردەمی گووتییەکان بەڕوونی لەلایەن پاشاکان ئاماژە بە هێرشکردن کراوە بۆ سەر شاری هەولێر، بنەماڵەی ئووری سێیەم لە چەند تێکستێك ناوەکەی بە(ئوربیلوم) هاتووە، لە سەردەمی بابلی کۆن و ئاشووری کۆن و ناوەڕاست ناوەکەی هاتووە، ئەوەی جێگای سەرنجە لە سەردەمی ئاشووری نوێ ناوەکەی بە(ئەربائیلو) هاتووە زۆر لە مێژوونووسان ناوی هەولێریان گێڕاوەتەوە بۆ ئەو سەردەمە بە شاری چوار خواوەندیان ناساندووە، ئەوەش هەڵەیە چونکە ئەو ناوە تەنها لەو سەردەمە بەکار هاتووە، دەربڕینێکە ئاشوورییەکان بۆ زۆرێك لە شارەکانی وڵاتی دووڕووبار بەکار هاتووە بەشێوەی کورتکراوە، لە سەردەمی هەخامەنیشی ناوی بە (ئەربیرا) هاتووە، لە سەردەمی یۆنانییەکان ناوەکە بە(ئەربێلا) هاتووە، پاشان

بە گوێرەی سەردەمەکان ناوەکە هەندێك گۆڕانکاری بەخۆی دیوە تا بۆتە هەولێر، لە چوارچێوەی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای زانستی ئەو گۆڕانکاریانە خراوەتە ڕوو.

**وشە سەرەکییەکان :** ( هەولێر ، دەقە مێخییەکان، ئەربائیلۆ ، ئوربیلوم ، ئوربیل )

## پێشەکی:

شاری هەولێر بەیەکێك لە شارە مێژووییەکانی وڵاتی (دووڕووبار Mesopotamia-) دادەنرێت، کە بەدرێژایی چاخەکانی پێش زایین لە ناوچەکەدا بوونی هەبووە، شارێکی گرنگ و جێگای بایەخ بووە، کەوتۆتە ناوچەیەکی گرنگی جوگرافی وڵاتی دووڕووبار، بە هۆی بوونی پێدەشتێکی بەرفراوانی بەپیت و ئاووهەواکەی بۆ چاندنی کشتوکاڵ و دانەوێڵە گونجاوە، مێژووی نیشتەجێبوونی مرۆڤ لەو ناوچەیە دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی کۆن لە ئەشکەوتی شانەدەر، پاشان دروستکردنی نشینگەی کاتی لە ناوچەکانی زاوی چەمێ و مەلفەعات لە ڕۆژئاوای ڕووباری خازر نزیك ڕێگای هەولێر مووصل، ئەوەش دەرخەری ئەوەیە ئەو ناوچەیە هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە، لە سەردەمی چاخی بەردینی کۆن و ناوەڕاست و نوێ تاوەکو ئێستا بە بێ پچڕان مرۆڤ لەو ناوچەیە نیشتەجێ بووە، دۆزینەوەی سەدان ناوچەی شوێنەواری لەو ناوچەیە بەڵگەی گرنگ سەلمێنەرن کە هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی مێژووی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناوچەیە، پاشان بە ناوچەکانی تر بڵاوبوونەتەوە.

ناوچەیەکی گرنگ و بەیەکەوە بەستنەوەی زۆربەی شارە کۆنەکانی ناوچەکە بووە، زۆر لە ڕێگاکان بەو شارەدا تێپەڕیون، ئەو شارە سەدان

فەرمانڕەوایی جیاوازی بەخۆیەوە دیوە زۆرجار تووشی هێرشی دەرەکی بۆتەوە زیانێکی زۆری پێگەیشتووە، بۆیە بەدرێژایی مێژوو ئەو ناوچەیە لە ململانێیەکی گەورەدا بووە هەرگیز سەقامگیری بە خۆیەوە نەدیوە، لە زۆربەی سەرچاوەی کۆن و نوێ ناوی هاتووە.

**گرنگی توێژینەوەکە:** ئەو لێکۆڵینەوەیە کە لەژێر ناونیشانی (ناوی هەولێر لە سەرچاوەکانی مێژوودا)یە هەوڵێکی زانستییە بۆ بەدواداچوون و شیکردنەوە و لێکدانەوە بۆ راستکردنەوەی ئەو هەڵەیە کە زۆرێك لە توێژەران ئاماژەیان بۆ کردووە کە ناوی هەولێر بە مانای چوار خواوەند (ئەربائیلۆ) دێت، ئەو توێژینەوەیە لەسەر بنەمای زانستی هەوڵێکە بۆ دەرخستن و راستکردنەوەی ئەو هەڵە زانستییەی کە زۆربەی توێژەران کاریان لەسەر کردووە.

**رێبازی توێژینەوەکە:** توێژەر بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامێکی زانستیی ئەوتۆ پەنای بردۆتە بەر هەردوو رێبازی گێڕانەوەی مێژوویی و رێبازی شیکردنەوە، لەبەر ئەوەی بابەتی مێژوویی پێویستی بە لێکدانەوە و تێگەیشتن و هەڵوەستە لەسەرکردن هەیە .

**گرفتی توێژینەوەکە:** گرنگترین ئەو بەربەستانەی لە ئەنجامی توێژینەوەکە بوونە گرفت کەمیی سەرچاوەی مێژوویی بوو لەسەر شاری هەولێر لەو سەردەمە مێژووییانە، جگە لەوەش بەشێکی زۆری ناوچەکانی هەولێر لێکۆڵینەوەی شوێنەواری و پشکنینی شوێنەواری بۆ نەکراوە، ئەوەش بۆتە هۆکارێك کە بەشێکی زۆر ئەو بەڵگەنامانە تاوەکو ئێستا نەدۆزراونەتەوە لەسەر شارەکە.

## تەوەری یەکەم

## پێگەی جوگرافی شاری هەولێر

شاری هەولێر بە یەکێ لە گرنگترین و ناوازەترین شارە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی کۆن دادەنرێت، بە دەشتێکی فراوانی بەپیت دەورە دراوە، لە بەشی باکووری زێی گەورە (الزاب الکبیر)[1]، و لە باشوور زێی بچووك (الزاب الصغیر)[2]، لە ڕۆژئاوا (ڕووباری خازر)[3] هەڵکەوتووە، بەدرێژایی چاخەکانی مێژوو ڕۆڵی مێژوویی و شارستانیەتی بینیوە، بەیەکێ لەو شارە مێژووییانە دەژمێردرێت کە تاوەکو ئێستا ژیان تێیدا بەردەوامە، وێڕای ئەوەی چەندین کارەساتی سروشتی و مرۆیی بە خۆیەوە دیوە (باقر، ١٩٨٠، ١٨٣) ، بەڵام نەبۆتە هۆی لەناوچوونی شارەکە، بەڵکو خۆڕاگر بووە هەر ئەوەش بۆتە هۆی دانەبڕانی لە بنیاتنان و پێشکەوتنی شارستانیەت کە جیهان و ناوچەکە بە خۆیەوەی دیوە، سروشتی خۆی پاراستووە (قادر، ٢٠٠٨، ١١) ئەو شارە کەوتۆتە سێگۆشەی باکووری ڕۆژهەڵاتی عیراق (یارالي، ٢٠٠٨، ٩)

قەڵای هەولێر گردێکە لە شێوەی هێلکەییدایە، بەرزی لە ئاستی ڕووی دەریاوە (٤٣٥) مەترە و لە ئاستی زەویەکانی دەوروبەری (٢٥) مەترە (أل مدرس، ٢٠٠٣، ص١٣)

هەڵکەوتەی شاری هەولێر و بوونی دەشتایێکی فراوان یارمەتی گەشەسەندن و فراوانبوونی داوە ( الجنابي، ١٩٨٧، ١٨)، ئەو شوێنەی هەولێری لەسەر بنیاتنراوە ئەمڕۆ بەخانووی ماڵانیش یەك لە دوای یەك دەبینرێت، لە کۆندا دانیشتوانی عیراقی کۆن پشتیان بە چاکردنەوەی کاولە ڕووخاوەکان دەبەست پاشماوەکانیان بۆ چاکردنەوەی خانووە نوێیەکان بەکارهێناوە ئەو کردارەش بە درێژایی چەندین ساڵانە دووبارە بۆتەوە، ئەوەش کاریگەری هەبووە لەسەر بەرزبوونەوەی شارەکە لە ئاستی زەویەکانی دەوروبەری هەندێك

لە شارەکان دوای داگیرکردن و کاولکردنی، دانیشتوانەکەی وازیان لێهێناوە چاکیان نەکردۆتەوە بەڵام هەولێر و کەرکوك دوای چەندین جار داگیرکردن و کاولکردن دانیشتوانەکەی بەردەوام نۆژەنیان کردۆتەوە (روو، ٢٠١٩، ٤٥)، ئەوەش ئەو بۆچوونە ڕەتدەکاتەوە کە هەندێك سەرچاوە ئاماژەیان پێکردووە ئەو شوێنەی هەولێری لەسەر بنیاد نراوە بەدەست دروستکرابێ، بەتایبەتی دوای لێکۆڵینەوە و پشکنین لە لایەن شوێنەوار ناسان چەندین چینی جیای لە یەکتری دۆزراوەتەوە .

ئەو شارە لە ڕووی فەلەکییەوە دەکەوێتە سەر هێڵی درێژی (٤٤،٢)°پلەی باکوور هێڵی پانی (٣٦،١١)°پلەی ڕۆژهەڵاتی باکووری ڕۆژهەڵاتی عیراق (الشمري، ٢٠٢١، ٧٥)، ڕووبەری گشتی ئەو شارە (١٥٤٢٢)کم$^{٢}$ ، بەسەر دوو هەرێم دابەش بووە یەکەمیان هەرێمی چیا کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شارەکە، دووەمیان هەرێمی دەشت دەکەوێتە باشوور و باشووری ڕۆژئاوا، (هەنارەیی، ٢٠١١، ٣٠)، بەڵام لە کۆندا شاری هەولێر ئەو بەشەی دەگرتەوە کە ئەورۆ بە قەڵا ناسراوە، لەگەڵ زەویەکانی دەوروبەری قەڵاکە .

## تەوەری دووەم
## ناوی هەولێر لە سەرچاوەکانی مێژوودا

هەولێر بە یەکێك لە شارە دێرینەکانی جیهان دەژمێردرێت، کە پارێزگاری لە ناوە کۆنەکەی خۆی کردووە، سەرەڕای ئەوەی شارەکە ڕووبەڕووی چەندین داگیرکاری و شارستانیەتی نەتەوەی جیاواز بۆتەوە لە ڕووی رۆشنبیری و زمانەوە (مراد و آخرون، ٢٠١٢، ١٠)، هەر لە کۆنەوە وەك مەڵبەندێکی گرنگ لە بواری رامیاری و سەربازی و بازرگانی بایەخی خۆی هەبووە، ناوی بەگەلێك هەرێم و ناوچەی جیهانی کۆن و نوێدا بڵاوبۆتەوە (حاجی، ١٩٨٥، ٤٥) .

ناوەکەی لە زۆربەی سەرچاوەکانی مێژووی کۆن و نوێدا ئاماژەی بۆ کراوە. (زێباری، ٢٠٠٩، ٥٦)، ئەگەرچی بەڵگە شوێنەوارییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ئەو شارە بەر لە داهێنانی نووسین بوونی هەبووە مێژووەکەی بۆ سەردەمی عوبید دەگەڕێتەوە (حەمەشەریف، ٢٠١٨، ٧٤-٨٩)، بەڵام لە دوای داهێنانی نووسینی (مێخی-Cuneiorm) بە نزیکەی هەزار ساڵ بۆ یەکەم جار ناوی هەولێر لە سەرچاوە مێخییەکان بەدیار دەکەوێت کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەکەدی (٢٣٧٠- ٢٢٣٠پ. ز)، بۆیە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە بۆ ناوەکەی بایەخ و گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە، دەبێتە هۆکارێك بۆ دۆزینەوەی بنەڕەتی ناوەکە، لەلایەکی تریشەوە وەڵامێکە بۆ چەند لێکدانەوەیەکی هەڵە کە بۆ ناوی (ئەربائیلۆ) کراوە .

هەرچەندە ناوی هەولێر لە کۆندا بۆ زمانی دانیشتوانی ڕەسەنی شارەکە دەگەڕێتەوە، بەڵام نابێت ئەو راستییە پەراوێز بخەین کە ناوی شارەکە بۆ یەکەمین جار لە ڕێگەی نووسینی مێخی، کە بۆ سۆمەری و ئەکەدی دەگەڕێتەوە بە دەستمان گەیشتووە، لەوانەیە ناوی شارەکە لە بنەڕەتدا جیاواز بێت لەگەڵ ئەو زمانە ئەکەدییەی کە ناوەکەی پێ نووسراوە، ئەگەر سەرنج

بدەین ناوی شاری هەولێر لە نووسینە مێخییەکان لە کۆنترین سەردەمەوە تا ڕووخانی دەوڵەتی ئەخمینی تاڕادەیەك بە شێوەی جیاواز هاتووە، کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین[٤] :

لە سەردەمی ئەکەدی ناوی شاری هەولێر بە (ئیربیل) (ئەحمەد، ٢٠٠٨، ١١٧)



Er- bi- il$^{ki}$

لە سەردەمی گووتی ناوی هەولێر بە شێوەی (ئوربیلوم) ( Frayne, 1997, 220 )



Ur- bi- lum$^{ki}$

لە سەردەمی بنەماڵەی ئووری سێیەم (٢١١٢- ٢٠٠٤پ.ز) ناوی هەولێر بە شێوەی-(RGTC, vol. II, 217)



Ur – bi$_2$- lum$^{ki}$



Ur- bi$_2$- i$_3$- lum$^{ki}$



Ur- $bi_2$- lum- ma[ki]

لە سەردەمی بابلی کۆن ناوی هەولێر بەم شێوەیە تۆمارکراوە



Ur- bi-el[ki](ئوربيل)



Ur-bi-e-el[ki] (ئوربيل) (MacGinnis, 2013, p.23)

سەردەمی ئاشووری ناوەڕاست ناوی هەولێر هەندێك گۆڕانی بەسەردا هاتووە بەم شێوەیە (Uru Ar-ba-il) هاتووە



[Uru]Ar-ba-il[ki]

لە سەردەمی ئاشووری نوێ (هەزارەی یەکەمی پ. ز) ناوی هەولێر بە شێوەی ئەربائیلۆ هاتووە (الشمري، ٢٠٢١، ٧٤-٧٥)



$^{Uru}$4- Dingir

سەردەمی ئەکەدی ئەو کاتەیە کە ناوی هەولێر دەچێتە مێژووەوە. لە بەڵگەنامەیەکی (ئێبلا)دا بۆ یەکەم جار ناوی هاتووە، ڕەنگە لە داهاتوودا دوای لێکۆڵینەوە و پشکنینە شوێنەوارییەکانی ناوچەکە دەقێکی تری مێخی بدۆزرێنەوە ئاماژە بە ناوی هەولێر بکات(MacGinnis, 2013, 19)، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی هەزارەی سێیەمی پێش زاین لە دەقەکانی ئیبلا لە باکووری ڕۆژئاوای سووریا باس لە هەولێر دەکات، بە دوو شێوە دێتە بەرچاو (ئیربیل-Ir-bi-i-lumki)، ( ئوربل ù-ra-BÍLki) چەند جارێک پشتڕاست کراوەتەوە دڵنیا نییە کە ئەم ڕێنووسانە هەردووکیان ئاماژە بە هەمان ناوی هەولێر دەکەن بەڵام پێدەچێت (ئیربیل-Ir-bi-i-lumki)، بەڕاستی ئاماژە بە ناوی هەولێر بکات، دوو بەڵگەنامەی یەکەمی ئەم بەڵگەنامانە تایبەتن بە دەرکردنی زیو بۆ نێردراوێک کە دەچێتە هەولێر و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ، دەوروبەری (٢٣٠٠-٢٢٨٠ پ. ز) بەپێی کرۆنۆلۆژیای ناوەڕاست (MacGinnis, 2013, 46))، نامەیەکی دیبلۆماسی گرنگە کە پاشایی (ئێبلا Ebla ) بەناوی (ئیرکاب-دامو Irkab-Damu) کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ئەکەدی ناردوویەتی بۆ پاشایی (خەمازی)[٥] (زیزی Zizi) کە زۆر لە مێژوونووسان گرنگییەکی تایبەتیان پێداوە، بە تاکە نامەی شاهانە لە قەڵەم دەدرێت کە ئاڵوگۆڕ کرابێ لە نێوان دوو نەتەوەی جیاواز، تێدا داوای یارمەتی سەربازی لە شانشینی خەمازی دەکات، و باسی ئاڵوگۆڕی دەست و دیاریش دەکات(Pettinto, 1981, 161) ، ناوی هەولێریش لەو نامەیەدا لەگەڵ چەند شارێکی تر هاتووە، کە باسی پەیوەندی و ئاموشۆی

بازرگانی لە نێوان ئیبلا لە لایەك و ئیربیل (هەولێر)، کاکموم، گاسور لە لایەکی ترەوە (ئەحمەد، ٢٠٠٨، ١١٧) ، ئەو نامەیە گرنگی و بایەخی خۆی هەیە بۆ مێژووی شاری هەولێر چونکە بۆ یەکەمین جار ناوی هەولێر لە تێکستی مێخی هاتبێ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نامەیە کە بەشێوەیەکی ڕوون ئاماژە بە ناوی ئەو شارە کراوە.

لە سەردەمی گووتی لە تێکستێکی پاشای (ئێریدو- پیزیر ٢٢٠٠پ.ز) کە خۆی بە پاشای گوتیۆم، پاشای چوار لای جیهان وەسف دەکات ناوی هەولێر بە شێوەی (Urbilum) هاتووە، بە کورتەیەک باس لە هەڵمەتەکەی دەکات دژی سیمیروم و لولوبوم و ئوربیلوم، نووسراوە لە دەقێکی میخی کە لە پەرستگای دۆزەخ لە (نەفەر-Nipur) دۆزراوەتەوە، یەکێك لەو تێکستانە باسی یاخیبوونی شاری هەولێر دەکات بە سەرکردایەتی (نیریشخوخا-Nirišhuha) فەرمانڕەوای شاری هەولێر دژی دەسەڵاتی پاشای گووتی، هەرچەندە هەندێك لە تێکستەکە شکاوە بەڵام ئەو زانیاریانەی لەسەر هەڵمەتە سەربازیەکەی شاری هەولێر لەلایەن پاشای گووتی (ئیردۆ-پیزر) بەڕوونی لە ستوونەکان بەرچاو دەکەوێت بەم شێوەیە(MacGinnis, 2013, 47):

Col. XI

1- in 1 UD　2- u-sú-ri-id　3- ù　4-mu-ma-am.KUR

5-na-ra-ba-a　6-ur-bi-lum.Ki　7-SAG.GIŠ.RA

8-Ú　9-$^{m}$ni-ri-iŠ-hu-ha　10- EN(SI)

11-Ur-bi-[lum.KI]( FRAYNE , 1993, p227)

((لە یەك ڕۆژدا دەستم گرت بەسەر چیای مووم کە ڕێڕەوە بۆ شاری هەولێر، وە هێرشم کردە سەر نیریشخوخای فەرمانڕەوای شاری هەولێر (ئوربیل)) (زێباری و هموەندی، ٢٠١٨ ، ٩٣-٩٦).

شاری هەولێریش لە ژێر فەرمانڕەوای بنەماڵەی ئووری سێیەم بووە، چەند دەقێکی مێخی لە بواری ئابووری و مێژوویی دۆزراوەتەوە (ساکز، ١٩٩٩، ٤٩-٥٠) لەو سەرچاوە کۆنانەی لەسەر ناوی هەولێر بەدەستمان گەیشتبێ، تۆماری پاشاکانی سومەری لە بنەماڵەی ئووری سێیەم (شولکی)یە، کە ناوی هەولێر بە شێوەی (أور-بيلوم Ur-billum) لە نێوان ساڵانی (٢٠١٢- ٢٠٠٤ پ. ز) تۆمارکراوە (المتولي،٢٠٠٧، ٢٥-٢٩) لە ڕووداوە مێژووییەکانی پاشاکانی بنەماڵەی ئووری سێیەم، پاشا (شولکی) -لە ساڵی (٢٠٩٤ -٢٠٤٧پ. ز) فەرمانڕەوایی بنەماڵەی ئووری سێیەم بووە، ئەو پاشایە توانیویەتی دەسەڵاتی خۆی فراوان بکات، لەو سەردەمە شاری هەولێر یەکێك بووە لەو شارانەی توانیویەتی دەسەڵاتی خۆی بەسەردا بسەپێنێ (باقر، ١٩٨٠، ١٨٣) .

لە ناونانی ساڵەکانی فەرمانڕەواییدا لە دوو ساڵدا ئاماژەی بەناوی هەولێر کردووە لە ساڵی (٤٥) فەرمانڕەوایی ئەو هەڵمەتەی ئەنجامداوە بە (اوربيلوم- Urbilim) ناوی هێناوە، کە هێرشی کردۆتە سەر چەند شارێك بەم شێوەیە ئاماژەی بۆ کردووە (ساڵی پاشا شولگی، پاڵەوانی بەهێز، پاشای شاری ئوور، پاشای چوار لای جیهان، شاری ئوربيلوم، شاری سیمورووم[٦] ( Camiron, 1968, 49)، شاری لولوبوم، شاری کاراخار، لە یەك هەڵمەتی سەربازی کاولکرد (Ebeling and Meissner, P.142, no. 64 ) لە ساڵی ٤٦ فەرمانڕەوایەتیدا ئاماژەی بە ناوی اوربيلوم کردووە بەم شێوەیە :( -mu- us$_2$-sa- ur-bi$_2$ –lum$^{ki}$ ba- ḫul) بە مانای (ساڵی دوای ساڵی وێرانکردنی اوربيلوم) بەم شێوەیە لەو سەردەمەدا زۆر جار ناوی هەولێرمان بەرچاو دەکەوێت بە شێوەی اوربيلوم، کە ئەوە تەنها لە تۆمارە سەربازییەکان نییە بەڵکو لە زۆر تۆماری ئابووری و کارگێڕی بەرچاو دەکەوێت (Grégoire, 1996, 106)، کاتێك پاشا شولگی دەمرێت پاشا (ئەمار –سین/Amar-En-zu-suen) لە نێوان ساڵانی (٢٠٤٦-

٢٠٣٨پ. ز) دەسەڵاتی بنەماڵەی ئووری سێیەم دەگرێتە دەست، لەو سەردەمەش ئاماژەی بە ناوی هەولێر کردووە لە دوو هەڵمەتی سەربازی کە لە ساڵی دووەم و سێیەمی فەرمانڕەوایەتیەکەی هێرشی بۆ شاری هەولێر کردووە بەم شێوەی (اوربیلوم) ناوی هێناوە، بەم شێوەیە ( Mu Amar- EN- ZU(su'en)Lugal-e ur-bi-lum-ki mu-hul) (واتە ئەو ساڵەی پاشا ئەمارسین شاری هەولێر کاولکرد)، ساڵی دواتریش بە هەمان شێوە لە تۆماری پاشایەتی (ئەمار-سین) ئاماژەی بە کاولکردنی شاری (اوربیلوم- Urbilum) کردووە (Engulund, 2002, No.3:rev.4).

(شو-سین $^{d}$Su-suen) کە لە کۆن بە (جمیلسین Gimlsin ) دەخوێندرایەوە، دوای براکەی (ئامارسین) چوارەمین پاشای ئەو بنەماڵەیە بووە، بۆ ماوەی نۆ ساڵ ( ٢٠٣٧-٢٠٢٩پ.ز) دەسەڵاتی بنەماڵەی ئووری سێیەمی گرتە دەست (فرحان، ٢٠٠٥، ٧٩)، ئەم سەردەمەش بەدەرنەبووە لە هەڵمەتی سەربازی بۆ ئەو هۆزانەی کە لە بەشەکانی باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی میزۆپۆتامیا و چیای زاگرۆس نیشتەجێ بوون و توانی مەترسی لەسەر مێزۆپۆتامیا کەم بکاتەوە (باقر، ٢٠١٢، ٤٢٦)٬ ئەوەی زانراوە کە فەرمانڕەوا (پاشای لەکش) لە سەردەمی پاشا (شو-سین) فەرمانڕەوایەکی لەسەر (ئوربیلوم- Urbillum) داناوە، کە ناوچەی شاری هەولێر بووە لە هەرێمی سوبارتو ناوی ئەو فەرمانڕەوایە (اراد-نانار) بووە، کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە، لە شاری لەگەش نیشتەجێ بوو کە دەکەوێتە ناوەڕاستی مەملەکەتی سۆمەر لە باشوور، بۆیە کارێکی زۆر قورس بووە ئەو ناوچەیە کۆنترۆڵ بکات، هەر بۆیە سەرکەوتوو نەبوو لە ساڵی سێیەمی فەرمانڕەوایەتی (شو-سین) ئەو ناوچەیە بەردەوام بووە لە یاخیبوون (مکاي،١٩٦١، ١٤٩)٬ بۆچوونێك لەم بارەیەوە هەیە گوایە ئەو فەرمانڕەوایە (ئیرننا) بووە، کە لە دەقێکی مێخی ناوی هاتووە بەم

شێوەیە (ئیرننا فەرمانڕەوایی خەڵکی ناوچەی سو زەویەکانی ناوچەی کردا) (احمد و رشید،١٩٩٠، ٤٦)

ئەو ناوهێنانەش دەرخەری ئەوەیە کە شاری هەولێر یەکێك بووە لە شارە گرنگەکانی ئەو سەردەمە، ناوێکی گەورە بووە لە ناوچەکە هەر کاتێك پاشایەك داگیری کردبێ شانازی بەم کارەی کردووە لە تۆمارەکانی ساڵنامەی خۆیدا بەگرنگیەوە ناوی هێناوە.

لە سەردەمی بابلی کۆن / ئاشووری کۆن (٢٠٠٦–١٥٩٦ پ.ز) لە دوو تێکتستی نووسراوی شاهانە ئاماژە بە ناوی هەولێر کراوە بە شێوەی (ئوربیل- Urbel)، بۆ هەردوو پاشا (دادوشا و شەمشی-ئەدەدی یەکەم) دەگەڕێتەوە. هەردوو نووسراوەکە باس لە یەك هەڵمەتی سەربازی هاوبەش دەکەن بۆ سەر شاری هەولێر . هەولێر لەم کاتەدا بەشێک بووە لە شانشینی (قابرا)(٧) و پێدەچێت شوێنی پەرستگایەکی ڕەسەن یان ئیدارەی کۆشک بووبێت (Frayne, 1993 , 218)

لە نووسراوەکانی سەردەمی (ئاشووری ناوەڕاست١٥٠٠-٩١١پ.ز) (مظلوم، ١٩٩١، ص٤٥٩) ، ناوی هەولێر بە شێوەی (ئەربائیل- uruAr-ba-il) نووسراوە، لە سەردەمی ئاشووری نوێ ٩١١-٦١٢پ.ز) (سليمان، ١٩٩١، ٨٢)، بە شێوەی (ئەربائیلو-uru4–DINGIR) (MacGinnis, 2013, p23)، هاتووە، زۆربەی مێژوونووسان ئاماژە بەوە دەکەن کە (ئەربا-ئیلو) بە مانای شاری چوار خواوەند دێت، لایان وایە ناوی هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناوە (الإربلي، ٢٠٢٠، ٨٥: عەبدوڵڵا، ٢٠١٢، ٨٥). چونکە لە لێکدانەوەی وشەیی ناوەکەی وا دەردەکەوێت کە بریتییە لە (ژمارە ٤ لەپاڵ خواوەند) کە زۆرێك لە توێژەرە بیانی و ناوخۆییەکان لە کۆندا وایان لێکداوەتەوە بە مانای چوار خواوەند دێت، بێ ئاگا لەوەی کە لەسەردەمی ئاشووری نوێ زۆرێك لە ناوی شارەکان و

کەسایەتی و خواوەندەکان بە کورتکراوەیی دەربڕاوە و بێ گوێدان لێکدانەوەی ماناکەی تەنها دەنگەکە و خوێندنەوەکەیان بەلاوە گرنگ بووە واتە ئەربائیلۆ .

ناوی (ئوربیلوم) ناوێکی زۆر کۆنە واتاکەی نازانرێت، بەڵام ناوی ئەربائیلۆ (چوار خواوەند) تەنها لێکدانەوەیەکە پەیوەندی بە ناوی ئوربیلوم هەیە لە دەنگەکەی وەرگیراوە، ئەو شێوازە وەرگرتنە لە سەردەمی ئاشووری باو بووە، ئاشووریەکان ناوی زۆرێك لە شارەکانیان بەشێوەی کورتکراوە هێناوە، بۆیە ناوی هەولێر بەم شێوەیە ($4\text{-ilum}^{ki}$) دەنگەکەیان وەرگرتووە، بەبێ گوێدانە واتای هێماکان ناویان هێناوە، جگە لە ناوی هەولێر ناوی چەند شارێکی تریش بەم شێوەیە هاتووە وەك ( $4\text{-ha}^{ki}$ = Ar- ra- ap-$\text{ha}^{ki}$) واتە (شاری ئارابخا) یەکێك لە تێبینییەکان لە سەر ناو هێنانی (4-iliu) ئاربائیلو ئەوەیە بە گوێرەی ڕێزمانی ئەکەدی ئەگەر (ئەربائیلو) بە مانای چوار خواوەند هاتبێ دەبێ نیشانەی (کۆی-Dinger) لە دوا بێت، بەڵام ئەو نیشانەیە نەهاتووە ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە مەبەستی چوار خواوەند نییە،(٨) ئەو ناوە لە نووسینەکاندا هیچ نیشانەیەکی کۆی پێوەنییە، دیارە مەبەستی ئەوە نییە، ئەو ناوهێنانە دەربڕینێکی نزیکە لە ناوی ئوربیلوم (MacGinnis, 2013, 32-33 ) .

هەندێك سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن کە لە شاری هەولێر بە هیچ شێوەیەك چوار خواوەند نەبووە (رسول، ٢٠٠٥، ١٨-١٩)، ئەوەی زانراوە لە سەر خواوەندەکانی ئاشووری کە پەرستگای هەبووبێ و پەرسترابێ تەنها خواوەندی عەشتار بووە، ئەی ئەو سێ خواوەندەی تر ناویان چی بووە.

جگە لەوە ئەو ناوە (arbailu) ریشەیەکی سامی نییە تاوەکو بەمانای چوار خواوەند بێ، بەڵکو پاش چەندین گۆڕانکاری ئەو ناوە بۆتە (arbailu) کەواتە ئەگەر ئێمە بمانەوێت واتای ناوەکە بەدروستی بزانین دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو

سەرچاوانەی یەکەمین جار ناوی هەولێریان بەکارهێناوە ئەوەش زۆر ئەستەمە بمانگەیێنێتە واتایەکی دروست (حەسەن١، ٢٠٠٩، ٦٠٩).

گومان لەوەدانییە ناونانی هەر شارێك دەگەڕێتەوە بۆ دانیشتوانی ڕەسەنی شارەکە، کۆنترین بەڵگە شوێنەواری و مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە شاری هەولێر بەشێك بووە لە وڵاتی سووبارتۆ، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش لەوانەیە ناوی هەولێر ناوێکی سووباری بێت (اسماعیل، ٢٠٠٧، ٨١-٨٣) چەندین بۆچوونی جیاواز هەیە لە سەر لێکدانەوە بۆ ناوی (اوربیلوم) هەولێر، چەند بۆچوونێك لە چوارچێوەی بابەتەکە دەخەینە ڕوو:

هەندێك لە سەرچاوەکان ناوەکە دەگێڕنەوە بۆ سۆمەرییەکان بەهۆی نزیکەی لە ناوی شارە سۆمەرییەکان، بۆچوونیان وایە سەرەتا سۆمەرییەکان لەو ناوچەیە نیشتەجێ بوونە شاری هەولێریان دروست کردووە بە ناوی (ئوربیلوم) دواتر کۆچ دەکەن بۆ باشوور و ناوەڕاستی عیراق، واتە بیرۆکەی دروستکردنی شار لێرەوە سەری هەڵداوە پاشان گواستراوەتەوە ناوچەکانی تر، بە هەمان شێوە سوودیان لە ناوەکەش وەرگرتووە بۆ ناونانی شارەکاتی تر کە نزیکە لە ناوی شاری (ئوربیلوم) بەتایبەتی شارەکانی (ئور(١٠) ، ئەریدۆ(١١) ، ئوروك(١٢) ، ...) (حەسەن، ٢٠٠٩، ١٤-١٥)، هەندێك لە لێکۆڵەرەوان لە سەر ئەو بنەمایە لێکۆڵینەوەیان لەسەر ناوی (ئوربیلوم) کردووە بەم شێوەیە لێکدانەوەیان بۆ کردووە .

ئەگەر ناوەکە سۆمەری بێت، ئەوا بە گوێرەی ئەو وشانەی ناوەکەی لێ پێکهاتووە، شیکردنەوەیان بۆ ناوی (ئوربیلوم –Ur-bi$_2$ –lum)، کردووە بەم شێوەی (Ur) لە زمانی سۆمەری بە مانا (شەڕانگێز، پاڵەوان، پیاو، سەگ، کارەکەر، شەڕکەر...) بڕگەی دووەم (bi$_2$) ئەویش بەچەند مانایەك دێت (مەشخەڵی ئاگر، ئاگر) بڕگەی سێیەم (lum)، پێدەچێت کاریگەری ئەکەدی

لەسەر بێت بە چەند واتایەك دێت (بەپیت، هەور، پڕ، هەبوون...)، ئەگەر مانای سێ بڕگەکە لێکدەینەوە لەوانەیە بە مانای (ناوچەی پڕ لە هەڵگیرسانی شەڕانگێزی) بێت یان بەمانای (زەوی شەڕانگێز) بێت لەبەر ئەوەی ئەو ناوچەیە بەردەوام تووشی شەڕ و ناکۆکی و بەرگریی سەخت بۆتەوە (حەسەن١، ٢٠٠٩، ٦٠٩). ئێمە هاوڕانین لەگەڵ ئەو بۆچوونە تا رادەیەك هەڵەیە چونکە ناکرێت ناوی هەولێر لەسەر بنەمای زمانی سۆمەری لێکدانەوەی بۆ بکرێت بەو پێیەی بۆ زمانی سۆبارتی دەگەڕێتەوە نەك سۆمەری، لێکدانەوەش لەسەر بنەمای زمانی سۆمەری هەڵەیە.

هەروەها توێژەر جەمال رەشید دەڵێت ناوی (ئوربیللوم-Urbillum) کە لە سێ وشە پێکهاتووە بەم شێوەیە لێکدانەوەی بۆ کردووە، یەکەمیان ئور Ur واتەی شار یان جێنشین (لە زمانی سۆمەری)، بیل Bil یەکێك لە خواوەندە مەزنەکانی ناوچەکە بووە، لوم Um وەك پاشگرێك دەکەوێتە دوای ناوی شار و وڵاتان، وەك ئیلامتوم، گوتیوم، سوبارتوم، ( ئەوەش لەسەر بنەمای زمانی ئەکەدی) بەم جۆرە ناوی ئوربیلوم مانای شاری بیل دەگەینێت (ئەحمەد، ٢٠٠١، ١٥). ئەو بۆچوونەش هەڵەیەکی زمانەوانی زۆر گەورەی تیا کراوە چونکە ناوی ئوربیلوم نیوەی ( بڕگەی ئور ) لەسەر بنەمای زمانی سۆمەری لێکدراوەتەوە، بەڵام نیوەکەی تری ( بیلوم ) لەسەر بنەمای زمانی ئەکەدی لێکدراوەتەوە کە ئەوەش هەڵەیەکی گەورەیە توێژەر لە لێکدانەوەکەی تووشی بووە .

لە لێکدانەوەیەك بۆ ناوی هەولێر لەلایەن (دکتۆر محەمەد عەبدوڵلا عومەر) ناوەکە دەگەڕێتەوە بۆ (ئوربالا) واتە ئەو شارەی لە بەرزیەوەیە، چونکە شاری هەولێر (٢٧)م لە دەشتەکانی دەوروبەری بەرزترە، لە سەرەتا ناوی ئور بووە بەڵام دواتر سۆمەرییەکان کۆچیان کردووە بۆ باشووری عیراق لەوێ

شارێکی تریان دروست کرد هەر بەناوی ئور کە دەکەوێتە نزیك ناسریەی ئێستا، بۆ جیاکردنەوەیان لە یەکتر ئەوەی یەکەم ناونراوە ئوربالا بە مانای ئوری سەروو، لە کوردستان ئەو ناوانە زۆرن وەك (مزووری بالا، بەرواری بالا) (عومەر، ٢٠٠٩، ٣٢)، ئەوەش لێکدانەوەیەکە لەسەر بنەمای پێکچوونی زمانەوانی هیچ دەقێکی مێژوویی ئەو بۆچوونەی نەسەلماندووە ، بۆیە ئێمە وەك توێژەر پاڵپشتی ئەو بۆچوونە ناکەین.

شارەزایانی بواری زمانە کۆنەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ناوی (ئوربیلوم) هاوشێوەی ناوی هەندێك لە شارە سۆمەرییەکان وەك (ئور، ئەریدو، ئوروك، وەرکا) لە بنەڕەتدا بۆ زمانێك دەگەڕێتەوە کە زانیاریمان لەبەر دەست نییە (علی، ١٩٨٦، ٨).

(دۆن ناردۆ Don-Nardo) ئاماژە بەوە دەکات کە ناوی ئەو شارانە لە ڕاستیدا سۆمەری نین، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زمانەی کە لە سەرەتاوە لە ناوچەکانی دوو ڕووبار قسەی پێکراوە، چونکە ناوی زۆرێك لە شارەکان هەیە دەگەڕێتەوە پێش سۆمەرییە و هیچ پەیوەندییەکی بە زمانی سۆمەری یان ئەکەدییەوە نییە و ئێمە وەك توێژەر هەڵەیەکی گەورە ئەکەین ئەگەر لەسەر بنەمای زمانی سۆمەری لێکدانەوە بۆ ناوی هەولێر بکەین، هەروەك چۆن ناوی زۆرێك لە شارەکانی سۆمەری نازانین مانای چییە؟، بە هەمان شێوە شاری هەولێریش بۆ نەتەوەیەك دەگەڕێتەوە کە پێش سۆمەرییەکان بوونیان هەبووە لە ناوچەکە (ناردۆ، ٢٠٠٨، ٢٤).

لە ئەنجامی وردبوونەوەمان لە ناوی کۆنی شار و وڵاتی سوبارتۆ بۆمان دەردەکەوێت کە هەندێك لە ناوی شارەکان وەك (ئەربیل، کوربیل ، بالتیل )، ناوی کۆنی شاری ئاشوور بە (بالتیل) هاتووە، کۆتایی هەموویان بە پیتەکانی (یل-EL) هاتووە[٩]، ئەو شێوازە زمانە جیاوازە لە زمانی سۆمەری و ئەکەدی

دەگەڕێتەوە بۆ زمانی کەسانێك کە هەر لە کۆنەوە لە ناوچەکە نیشتەجێ بوونە و بەهەزاران ساڵ پێش ئەوەی ئاشووریەکان کۆچ بکەن بۆ ئەو ناوچەیە دەسەلات بگرنە دەست (ساکز، ١٩٩٩، ٣٣-٣٤) .

ئەگەر سەرنج بدەی لە تێکستەکانی بنەماڵەی ئوری سێیەم (٢٠١٢-٢٠٠٤پ. ز) ناوی هەندێك کەس هاتووە لە بنەڕەتدا ناوی خورین، بەم پاشگرانە کۆتاییان هاتووە وەکو ( Ar, Haš, Ith, Nan, Šen, )، (Pohl, 1951, p. 1511-1512) ئەگەر شوێنی بڵاوبوونەوەی خوریەکان دیاری بکەین کە ئەو ناوچانەی لێیەوە هاتوون دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە تاکو ڕووباری دیالە لە باشووری چیاکانی لە ڕۆژهەڵات، ئەو شارانە لە خۆی دەگرێت (کاراخار، ماراخشی، سیمورومو، ئوکریش، شاشروم، سیمانوم، اوربیلوم) (Gadd, 2014, 624) ، بۆیە لامان وایە شیکردنەوە بۆ ناوی (ئوربیلوم) لەسەر بنەمای زمانی خوری و سوبارتی بە شێوەیەکی فراوانتر لێکدانەوەی بۆ بکرێت، بەڵام ئەوەی ڕێگرە لەوەی تائێستا نەتوانراوە زمانی خوری یان سوبارتی بە شێوەیەك تەواو بناسرێت، لێکدانەوەی ناوی هەولێر بە شێوەیەکی دروست کارێکی ئاسان نییە، بەڵام دەکرێت بڵێین بە گوێرەی بڵاو بوونەوەی خوریەکان لەو ناوچەیە، لەوانەیە ناوەکە خوریی بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی لە سەرچاوەی سۆمەری و ئەکەدی وەرمانگرتووە ئەستەمە مانا بنەڕەتییەکەی بدۆزینەوە .

لە سەردەمی بابلی نوێ (٦٢٦-٥٣٩پ.ز) (باقر، ٢٠١٢، ٦٠١) ناوی هەولێر بە (uruar- ba- il) (Tcs, 5, 107, ii, 16 ) وەك بەشێك لە ناوی مرۆڤ ( Man- (Yos, 6, 127,5)(na- a- ki- i – ar- bi- il .

ناوی هەولێر لە سەرچاوەی هەخامەنیشی (٥٥٩-٣٣٠پ.ز) بە خەتی مێخی بە شێوەی (ئەربیرا Arbira) یان (ئەربیرە) هاتووە)، ( ئیسماعیل، ١٩٩٨،

٦)، بە شێوەی ($^{uru}$ar-ba-il) ، هەندێك جاریش بە (ئەربەئیللو Arba- ilu) ناوی هاتووە کە دەگەڕێتەوە بۆ هاتنی ئەسکەندەری مەقدۆنی بۆ عێراق لە ساڵی (٣٣١ پ. ز)، لەلایەن مێژوونووسە یۆنانی و ڕۆمانییەکان ناوی هاتووە بەم شێوەیە لە پەرتووکەکانیان تۆمارکراوە (ئەربێللا Arbella)، (ئەربیلاس Arbelles) (پیرباڵ، ٢٠٠٨، ٥) کە بۆ شەڕی (ئەربیلا – Arbela) (سپیتمان، ١٣٨٩، ٢٩)، گوگامیلا لە نێو کتێبە مێژووییەکاندا بە زۆر شێوە نووسراوە دەکرێت هەموویان کۆ بکەینەوە لە دوو دەستەواژە (ئەربیلا- گوگامیلا) ، ناوهێنانی بە ئەربیلا دەگەڕێتەوە بۆ شاری ئەربیلای کۆن، یەکێکە لە کۆنترین شارەکانی جیهان، زۆر بەناوبانگ بووە لە سەردەمی ئاشووریەکان، لە نووسینەکانی مێخی ئاماژەی بۆ کراوە، تا ئەو کاتیش ئەو ناوبانگەی پاراستبوو، گەورەترین شاری ناوچەکە بوو کە ئەسکەندەر راستەوخۆ دوای شەڕەکە پێیگەیشتووە (باقر و سفر، ١٩٦٦، ٤ ؛ چاوشلي، ١٩٨٥، ١٩-٢٠)، کاتێکیش گریکەکان بینیویانە هەولێر قەڵا و شوێنێکی گەورەی نیشتەجێبوون بووە نزیکیش بووە لە گۆڕەپانی شەڕەکە ئەو شوێنەی شەڕەکەی تێدا ڕوویداوە زۆر ناسراو و بەناوبانگ نەبووە (جمیل، ١٩٦٩، ٢٢٦)؛ لە تۆمارە مێژووییەکانیاندا وتوویانە ئەو شەڕە لە نزیك هەولێر روویداوە، هەر بەم شێوەیە مێژوونووسان ئەو ناوەیان گواستۆتەوە، بەراورد بە وشەی گوگامێلا لەسەر زار سووکتر بووە هەر بۆیە ئەو شەڕە بە (ئەربیلا)ش هاتووە، دوای سەرکەوتنی ئەسکەندەر لە شەڕەکە راستەوخۆ چۆتە شاری هەولێر (أغا، ٢٠٠٤، ٨).

لەو سەردەمە زیاتر لەگەڵ ئەو شەڕە ناوی هاتووە، بەهۆی ئەو شەڕەوە ناوی هەولێر بە زۆربەی شوێنەکانی جیهان بڵاوبۆتەوە ناوەکەشی زیاتر بە (اربیلا) لە سەرچاوە کۆنەکانی یۆنان هاتووە، هەولێر مێژوویەکی کۆنتری هەیە وەك لەوەی لە نووسینە میخییەکان ناوی هاتووە هاوشێوەی زۆرێك لە شارە

کۆنەکانی وڵاتی دوو ڕووبار لەسەر ئەو بنەمایەش لێکدانەوەی ناوەکەی کارێکی ئاسان نییە، ئەکرێت زیاتر لە چەند خوێندنەوە و شیکردنەوەی بۆ بکەیت.

لە نووسراوە عیلامییەکانی سەردەمی ئەخمینی بە شێوەی ( ar- be- ra- an) لە نووسینی ئارامی بە شێوەی (ربل- rbl) هاتووە (MacGinnis, 2013, 121)، ئەو ناوانەش نزیکە لە ناوە بنەڕەتییەکە کە (ئوربیلوم) بووە.

شاری هەولێر لە سەردەمی دەوڵەتی ئەشکانی بە حەدیاب (٢٤٧پ.ز-٢٢٤ز) (ئەدیابینە Adiabene) ناسراوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی هەردوو زێی گەورە و بچووك بەو ناوچەیە کە بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای شارەکە تێدەپەڕن، حەدیاب (ئەدیابین) لای خەڵکی وڵاتی شام ڕەنگە لە وشەی زابین وەرگیرابێت، چونکە زاب لە زمانی ئارامی بە (ذب) دەردەبڕێـت و مانای هەردوو ڕووبارەکە دەگەینێت (اسماعیل،١٩٧٠، ٦٢)، مێژوونووسی بەناوبانگ (هیرۆدۆت-٤٨٤-٤٢٥پ. ز) لەسەر حەدیاب قسەی کردووە، لە سەدەی پێنجەمی پێش زاینی لای وابووە حدیاب (ئەربلا) تاڕادەیەك وەکو ئەرمینیا فراوان بووە، ڕووبەرێکی گەورەی لە ئاشوور و وڵاتی ماد لە خۆ گرتووە)، (حەننا، ٢٠٠١، ل١٤١)، زەینەفونیش ناوی (زاباتس)ی دیابای پێ گوتووە، کە زاب و دیابیش پێکدەچن (ئیسماعیل، ١٩٨٥، ٢٤٤)

مێژوونووس و جوگرافیاناسە عەرەبەکان ناوی هەولێریان بەم شێوەیە نووسیوە (اربل، اربیل) پاشان زۆربەیان لە نووسینەکانیان ناوی (اربیل) یان (حزة) بەکارهێناوە، لە سەردەمی عوسمانیەکانیش ناوی هەولێر بەم شێوەیە هاتووە (ئەربل، ئەرول، ئێربل، ئێرول) (پیرباڵ، ٢٠٠٨، ٥)، (ابرل، بیربل) هاتووە (قادر، ٢٠٠٨، ١٩)، لە پەرتووکی (المرشد إلى موطن الآثار) ئاماژە بەوە کراوە ناوی هەولێر بە کوردی بەم شێوەیە هاتووە (ارویل، اولیرا، هولیرا )، پاشان گۆڕاوە بۆ هەولێر (باقر و سفر، ١٩٦٦، ٦)

(جیمس پەکنفەهام )گەڕیدەیەکی ئینگلیز بووە لە پەرتووکەکەی باسی ئەوەی کردووە لە ساڵی (١٨١٦ز) هاتۆتە هەولێر دەڵێت شاری هەولێر بە چەند ناوێك دەهات هەر نەتەوەیەك بە جۆرێك ناوەکەی دەربڕیوە وەك (ئەربیل، ئەربیلا، هوربیل، ئەرویل، هارویل) (دەرگەڵەیی، ٢٠٠٢، ١٦)، کوردەکانیش پێیدەڵێن (هەولێر) سەرچاوەکان بەگوێرەی سەردەمەکان ناوی هەولێریان هێناوە بەو شێوەیە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە (ئەربیلا، اربیل، ئەرویل، ئەوریل، هەوریل، هەولێر) (اسماعیل،١١٩٧٠، ٦٢). ئەوەی تێبینی دەکرێت ناوی هەولێر لە سەرەتای ناو هاتنی تاوەکو ئێستا چەندین گۆڕانکاری بەخۆیەوە دیوە بەم شێوەیە (ئیربیل، ئوربیلوم، ئوربیل، ئەربائیل، ئەربائیلۆ، ئەربیرا، ئەربیلا، ئەدیابین، اربیل، اربل، ئەرویل، ئەوریل، هەوریل، هەولێر) کە ئەمەش دوای ئەو هەموو ساڵە کارێکی ئاساییە .

**پەراوێزەکان:**

(١)- زێی گەورە: ئەو زێیە لە دەقە کۆنەکانی ئەکەدی بە (zabu-elu) رووبارێکی گەورەیە ، یەکێکە لە لقەکانی رووباری دیجلە، ناوی هاتووە استرابون ناوی ئەو زێیەی بە (لایکۆس) هێناوە، وا وەسفی کردووە کە دەکەوێتە دەشتی ئیتۆریا، لە نێوان شاری نەینەواو اربلا، بڕوانە: (استرابن، ١٣٨٢، ٣٣٢).

(٢) زێی بچووك: لە دەقەکانی ئەکەدی بە (زاب شاپالو-zabal-šapalu) ناوی هاتووە، لە چیاکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران هەڵدەقوڵێت، بەدووری ٣٦کم شاری ئاشوور دەڕژێتە رووباری دیجلە، لە هەزارەی یەکەمی پێش زایین لە دەقە مێخییەکان ناوی هاتووە، کە ڕێگری کردووە لە هەڵمەتە سەربازیەکانی ئیمپراتۆریەتی ئاشووری، بڕوانە: (الجميلي، ٢٠٠٩، ١٣)

(٣) ڕووباری خازر: لە نزیك ئەو شوێنەی کە شە[ی گوگامێلا تێدا روویدا لە نێوان ئەسکەندەری مەقدۆنی و داریوشی سێیەم پاشای ئەخمینی (أغا، ٢٠٠٤، ٤) .

(٤) بەسوپاسەوە ئەو زانیارییە لە لایەن مامۆستای سەرپەرشتیارم ( د. ئارام جەلال حەسەن) وەرگرتووە. کە پسپۆرە لە زمانی سۆمەری ئەکەدی و نووسینە مێخییەکانەوە .

(٥) خەمازی شارێکی زۆر گرنگ بووە، باوەڕ وایە پایتەختی سوباریەکان بێت، هەروەها خەمازی ناوی شانشینێکی کۆنیش بووە رۆڵێکی گەورەی بینیوە لە سیاسەتی سەردەمی بنەماڵەکاندا بەردەوام ناوی لە تۆمارەکانی بنەماڵە فەرمانڕەواکانی باشووری وڵاتی دوو ڕووبار هاتووە تا دەگاتە سەردەمی ئیسین و لارسا، سەبارەت بە شوێنەکە بەوردی دیاری نەکراوە بەڵام زۆرێك پێیان وایە زۆر دوور نەبووە لە شارەکانی گاسور (نوزی)... بڕوانە: (ئەحمەد، ١٠٠٨، ٣٦-٤٢) .

(٦) سیموروم لە سەرچاوە مێژووییەکان ناوی بە وڵات و شار هاتووە، لە هەندێك سەردەمی مێژوویی شانشینێکی سەربەخۆ بووە، پاشا و میری خۆیان هەبووە، ئەو سەرچاوانەی باسی سیموروم دەکەن گرنگی ستراتیجی شارەکە دەخەنە ڕوو کە

زۆربەی کات لەلایەن دەوڵەتەکانی باشوور لە زۆربەی سەردەمەکان هێرش کراوەتە سەری. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: (ئەحمەد، ٢٠٠٨، ١٨٩-٢٠٠) .

(٧) قابرا دەوڵەت و شارێکی گرینگ بوو، لەسەر رێگای نێوان ئارابخاو ئوربیل (هەولێر) زێی بچووك دەکەوێتە باکووری، ناوی قابرا لە دەقەکانی نوزیدا بە شێوەی (کاپرا Kapra) هاتووە لەو قۆناغەدا وادیارە لە دوو بەش پێکهاتووە ، قابرای گەورە و قابرای بچووك ، بڕوانە: (ئەحمەد، ٢٠٠٨، ٢٥٠).

(٨) بەسوپاسەوە ئەو زانیارییە لە لایەن مامۆستای سەرپەرشتیارم وەرگرتووە. کە پسپۆرە لە زمانی سۆمەری ئەکەدی و نووسینە مێخییەکانەوە .

(٩)- ئەم زانیارییە لە لایەن مامۆستای سەرپەرشتیارم وەرگرتووە، کە بڕوای وایە ناوی زۆرێك لە شارە کۆنەکانی کوردستان بە گشتی و باکووری وڵاتی دوو ڕووبار بە تایبەتی بریتین لە ناوی سوبارتی یان خوری بەو پێیەی کە هەردوو نەتەوە سەردەمانێکی زۆر زوو لەم ناوچەیە ژیاون و چەندین دەسەڵاتی سیاسی و مەملەکەتیان هەبووە.

(١٠) ئور: یەکێکە لە شارە بەناوبانگەکانی شارستانیەتی کۆن دەکەوێتە باشووری دوو ڕووبار، پایتەختی بنەماڵەی سۆمەرییەکان بووە ، یەکێك بووە لە مەڵبەندی شارستانیەتی کۆن کە بۆ چەندین سەدە ناوی هاتووە، هەتاوەکو لە پەرتووکە کۆنەکانی سەردەمی ئیسلامی کۆنیش، کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی شاری بەغداد **٣٦٥**کم دوورە، شاری ناسریە دەکەوێتە باشووری کە مەڵبەندی پارێزگای ذی قارە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە پەرتووکی، (مكاي، ١٩٦١، ٧٢).

(١١) ئەریدۆ: (أبو شهرين) دەکەوێتە باشووری وڵاتی دوو ڕووبار، بەڵگە شوێنەواریەکان دەری دەخەن کە ڕووباری فورات یان لقێکی دوای ڕۆیشتنی بەو ناوچەیەدا تێپەڕیوە، لەلایەن بنەماڵەی ئوری سێیەم لە دەوری (٢١٠٠پ.ز) دروستکراوە بەهۆی ئەو مۆرە لوولەییانەی بەناوی پاشاکان دۆزراونەتەوە، شارێکی ئاینی بەناوبانگ بووە. بڕوانە : (باقر، ٢٠١٢، ٢٤٩-٢٥٢) .

(١٢)- ئوروك (الوركا) یەکێکە لە گەورەترین و کۆنترین شارەکانی سۆمەری، ناوەندێکی ئاینی و شارستانی بووە، بەردەوام دانیشتوانی لێ بووە هەتا پێش هاتنی ئیسلام، پاشماوەکەی دەکەوێتە باشووری عیراق . بڕوانە: (ماغون، ٢٠٠٩، ٥٩).

## سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:


١- ئەحمەد، جەمال رەشید (٢٠٠١)، هەولێر شاری خواوەندی مەزن بیل و شاووشکا، گۆڤار بە زمانی کوردی هەولێر، ژمارە (٩).

٢-ئەحمەد، کۆزاد محەمەد (٢٠٠٨)، کوردستانی ناوەڕاست لە نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ. ز، چاپخانەی شڤان، چاپی دووەم.

٣-ئیسماعیل، زبیر بیلال (١٩٨٥)، شانشینی حەدیاب، و: نەژاد عەزیز سورمێ، هەولێر کۆمەڵە وتارێکی رەوشنبیری و مێژووییە شارەوانی هەولێر ئامادەی کردووە، بە یارمەتی ئەمینداریەتی رەوشنبیری و لاوان لە چاپ دراوە، هەولێر.

٤-ئیسماعیل، زبیر بیلال (١٩٩٨)، هەولێر لە مێژوودا، هەولێر وەرزە گۆڤارێکی رۆشنبیریی سەربەخۆیە، ژمارە (١).

٥-پیربال، فەرهاد (٢٠٠٨)، کرۆنۆلۆژیای هەولێر لە کۆنەوە تا ١٩٥٨، چاپخانەی شەهاب.

٦-حاجی، مغدید (١٩٨٥)، شوێنی شارەکە و چەند راستییێك، هەولێر کۆمەڵە وتارێکی رەوشنبیری و مێژووییە شارەوانی هەولێر ئامادەی کردووە، بە یارمەتی ئەمینداریەتی رەوشنبیری و لاوان لە چاپ دراوە، هەولێر.

٧-حەسەن ١، ئەردەلان عوسمان (٢٠٠٩)، پارێزگای هەولێر لە سەرچاوە مێخییەکاندا، ئینسکلۆپیدیای هەولێر ، شوێنەوار و کەلەپوور ، ژمارە (٢) ، چاپخانەی گرین گالۆری –لوبنان، چاپی یەکەم.

٨-حەمەشەریف، جەزا شۆڕش (٢٠١٨)، دەرکەوتنی گلێنەی شارستانیەتی عوبێد لە پارێزگای هەولێر و دەوروبەری، دووەمین کۆنفرانسی زانستی شوێنەوار و کەلەپووری ، هەولێر.

٩-دەرگەڵەیی، یوسف ئەحمەد (٢٠٠٢)، مێژووی شاری هەولێر لە کۆنەوە تا ساڵانی شەست، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.
١٠- زێباری، تاهیر حەسۆ (٢٠٠٩)، تایبەتمەندی جوگرافیایی شاری هەولێر، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، جوگرافیا، ژمارە (١) ، چاپخانەی گرین گالۆری –لوبنان، چاپی یەکەم.
١١- زێباری، عزیز محمدامین عزیز، ئارام جلال حسن هەمەوەندی (٢٠١٨)، شۆڕش و راپەڕینەکانی شاری هەولێر لە ماوەی (٢٣٣٤-ی١٥٩٥پ. ز) لە روانگەی تێکستە مێخییەکانەوە، پرۆسیدینگی دووەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی شوێنەوار و کەلەپووری هەولێر-اربیل.
١٢- عەبدوڵڵا، ئیدریس (٢٠١٢)، شارستانیەتی کورد، چاپخانەی منارە- هەولێر، چاپی یەکەم.
١٣- عەبدوڵڵا، محەمەد ئەمین عەلی (٢٠١٠)، شەڕی گۆگامێلا ئەربێلا ٣٣٢پ. ز، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
١٤- عومەر، محمد عەبدوڵڵا (٢٠٠٩)، لێکدانەوە لە مانای (ئەربیل)، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، جوگرافیا، ژمارە (١)، چاپخانەی گرین گالۆری –لوبنان، چاپی یەکەم.
١٥- غفور، عبداللە (٢٠٠٥)، جوگرافیای کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی چوارەم.
١٦- قادر، مهدی محمد (٢٠٠٨)، هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩١٤ -١٩٣٠، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
١٧- ناردۆ، دۆن (٢٠٠٨)، ئیمپراتۆریەتی ئاشوور، و: یادگار حەمە غەریب، چاپخانەی پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.
١٨- هەنارەیی، رزگار محەمەد عوسمان (٢٠١١ ز) توانستی جوگرافییەکانی دروستکردنی پارێزراوە سروشتییەکان لە هەرێمی چیایی پارێزگای هەولێر و گرنگییان لە بەدیهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، کۆلێژی ئاداب، بەشی جوگرافیا

**سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی:**


١- احمد و رشيد، جمال رشيد و فوزى (١٩٩٠)، تأريخ الكرد القديم، مطابع دار الحكمة، اربيل .

٢-اسماعيل، زبير بلال (١٩٧٠)، اربيل في ادوارها التاريخية، مطبعة النعمان- النجف.

٣-اسماعيل، فاروق (٢٠٠٧)، الحوريون في بلاد أبوم خلال العصر البابلي القديم، مجلة النقوش والرسوم الطغرية، العدد (١)، عمان.

٤- أغا، عبدالله امين (٢٠٠٤)، معركة اربيلا، (كوكميلا) ٣٣١ق. م، اللجنة العليا لاعمار قلعة اربيل.

٥-أل مدرس، ساكار بهاءالدين (٢٠٠٣)، الانماط السكنية في مدينة اربيل (دراسة تحليلية في جغرافية المدن) رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين- اربيل.

٦-الإربلي، حسام داود خضر (٢٠٢٠)، المفصل في تاريخ إربل، قصة المدينة حتى تسوية مشكلة الموصل (١٩٢٦م) مطبعة مكتب التفسير، ط١.

٧-الجنابي، هاشم خضر (١٩٨٧)، مدينة اربيل دراسة في جغرافية الحضر، مديرية دارالكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل.

٨-الچاوشلی، هادي رشيد (١٩٨٥)، تراث أربيل التاريخي، مطبعة جامعة الموصل، الموصل.

٩-الشمري، مهند خلف جمين (٢٠٢١)، مدينة أربيل في ضوء الوثائق الاقتصادية الأشورية الحديثة، مجلة دراسات في التاريخ والآثار، العدد (٨٠)، جامعة تكريت، كلية الاداب، قسم الاثار.

١٠- الجميلي، عامر عبدالله (٢٠٠٩)، بعض المواقع الجغرافية في منطقة أربيل في الألف الأول ق. م في ضوء المصادر المسمارية.

١١- باقر و سفر ، طه و فؤاد (١٩٦٦)، المرشد الى مواطن الاثار والحضارة، الرحلة الخامسة، بغداد –اربيل.

١٢- باقر، طه (١٩٨٠)، من تراثنا اللغوي القديم، جامعة بغداد.

١٣- ـــــــ(٢٠١٢)، مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة، مطبعة شركة دار الورق للنشر المحدودة، ج١.

١٤- پيرەبابی، عيسى فهمي حسن صالح (٢٠٢٠)، مدينة أربيل تأريخ و حضارة وخلود، مطبعة جامعة صلاح الدين –اربيل.
١٥- جميل، فؤاد (١٩٦٩)، حدياب...أربيلا...و عشتار...أربيلا، مجلة سومر، العدد (٢٥)، بغداد.
١٦- رسول، أسماعيل شكر (٢٠٠٥)، أربيل دراسة تاريخية في دورها الفكري والسياسي ١٩٣٩ –١٩٥٨، مطبعة بينايى، السليمانية.
١٧- رو، جورج (٢٠١٩)، العراق القديم، ت: حسين علوان حسين، دار الشؤن الثقافة العامة، وزارة الثقافة، بغداد.
١٨- ساكز، هارى (١٩٩٩)، قوة اشور، ت: عامر سليمان، مطبعة المجمع العلمي، بغداد.
١٩- سليمان، عامر (١٩٩١)، العصر الاشورى الحديث، موسوعة الموصل الحضارية، للطباعة والنشر-جامعة الموصل، الطبعة الاولى.
٢٠- على، محمد عبدالطيف محمد (١٩٨٦)، الخوريون وصلات مصر بهم في عصر الأسرة الثامنة عشرة من خولى ١٥٦٧- ١٣٢٠ق.م، اسكندرية .
٢١- فرحان، غيث سليم (٢٠٠٥)، نشوء سلالتي ...أكد و أور الثالثة تطورهما وسقوطهما، رسالة ماجستير، غير منشورة، جامعة واسط.
٢٢- ماغون، جان كلود (٢٠٠٩)، السكان القدماء لبلاد مابين النهرين و سورية الشمالية، ت: سالم سليمان العيسى، ط٣، دمشق.
٢٣- مراد، خليل على وآخرون (٢٠١٢)، اربيل- دراسة تاريخية، مطبعة اراس- اربيل.
٢٤- المتولي، نوالة احمد محمود (٢٠٠٧)، مدخل في دراسة الحياة القتصادية لدولة اور الثالثة في ضوء الوثائق المسمارية، بغداد، أطروحة دكتوراه منشورة.
٢٥- مظلوم، طارق الوهاب(١٩٩١)، النحت في العصر الأشوري الوسط، موسوعة الموصل الحضارية، للطباعة والنشر- جامعة الموصل، الطبعة الاولى.
٢٦- مكاي، دروثي (١٩٦١)، مدن العراق القديم، ترجمة وتعليق: يعقوب مسكونى، ط٣.
٢٧- يارالي، برهان، (٢٠٠٨ز)، نظرة الى اربيل بين الامس و اليوم، مطبعة ارابخا، ط١.

**سەرچاوەی فارسی:**

١-استرابن (١٣٨٢)، جغرافیای استرابو، سرزمینهای زیر فرمان هخامنشیان، مترجم: همایون صنعتی زاده، ناشر بنیاد موقوفات دکتر محمود افشار، اول .

٢-سپیتمان، پرویز (١٣٨٩ هەتاوی) ماتیکان تاریخی (پنجاه گفتار دربارهء مسائل تاریخی)، نشر مادستان، چاپ یکم.

**سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:**

1- Dougherty, , R. P.:(1920), Records From Erech time Nabonidus, (555-538 B.C), YOS, Vol.6

2- Grégoire,J. P,(1996) Archives administratives et inscriptions cuneiforms de I'Ashmolean Museum et de la Bodleian Collection d'Oxford, (AAICAB) 1-IV, Paris.

3- Edzard, D. O. and Farber, G.: ( 1974), Reportoire Geograhpiqu des Textes Cuneiformes, (Wiesbaden)'RGTC, vol. II.

4- Englund, K,(2002) The Ur III Collection of the CMAA, CDLI, No.3, rev.4.

5- Frayne D R, (1993) Sargonic and Gutian Periods (2334–2113 BC) (Royal Inscriptions of Mesopotamia Early Periods Volume 2). Toronto.

6- _________, (1997) Ur III Period (2112–2004 BC) (Royal Inscriptions of Mesopotamia Early Periods Volume 3/2). Toronto .

7- Gadd, C.J.( 2014) Babiloia, C (2012-1800 B.C), in CAH, Vol. part II.

8- Grayson A K 1975a: Assyrian and Babylonian Chronicles (Texts from Cuneiform Sources 5). Toronto, TCS, 5

9- MacGinnis, John(2013) A CITY FROM THE DAWN OF HISTORY Erbil in the Cuneiform Sources, Published in the United Kingdom, OXBOW BOOKS.

10- Pettinato (1981) The Archives of Ebla, An Empire Inscribed in Clay New York .

11- Pohl, A(1951)Hurriti, in Enciclopidio Cattolica, Vol. 6, Romae, cols.

12- Ramith, Salah Suleiman, (2004) Erbil Citadel in scientific and antique scenes, (The First International Scientific For Renovation of Hawler (Erbil) Citadel.

13- Camiron, G,(1968), History of Early Iran(Neworking)

**ملخص البحث**

**اسم اربيل في المصادر القديمة**

تتناول هذه الدراسة الموقع الجغرافي لمدينة أربيل واسمها في فترات مختلفة من التاريخ حيث من الصعب تحديد بدايتها، وقد ورد اسمها لأول مرة في العصر الأكادي، بعد ذلك أشير اليها بوضوح في العصر الكوتي، وأشير الى اربيل في فترة (سلالة اور الثالثة) في بعض النصوص باسم (أربيلوم)، وكذلك ورد إسم (أربيل) أيضا في العصر البابلي القديم والآشوري القديم والوسيط.

من الجدير بالذكر أنه في العصر الآشوري الحديث جاء اسم أربيل بصيغة (أربائيلو)، فسرها بعض الباحثين خطأً أنها تأتي بمعنى مدينة الآلهة الأربعة، لأن كتابة اسم المدينة قد كتب بإختزال في ذلك الوقت، وهو تعبير أو مصطلح مختصر استخدمه الآشوريون للعديد من المدن في بلاد وادي الرافدين. وفي العهد الأخميني اطلق على اسم أربيل (أربيرا)، وفي العصر اليوناني كان اسم أربيل (أربيلا). ثم تغير الاسم من قبل الكورد إلى (هولير). أشير إلى تلك التغييرات التي طرأت على اسم اربيل وفق طريقة منهجية بحثية سليمة .

الكلمات الدالة: (هولير، نص المسمارية، أربائيلو، أوربيلوم، أوربيل)

**Abstract**

**The Name of Erbil in the Ancient Sources**

This research discusses the geographical position of Erbil and its name in different periods of history. Erbil has a very ancient history that is not known exactly, but for the first time its name dates back to the Akkadian period. Then, during Erbil in the Gutian Period, there was clear reference to an attack on Erbil by the kings, Erbil in the Ur III Period Year names indicate that Erbil (Urbilum). Its name appears in ancient Babylonian, ancient Assyrian and Central Assyrian times. It is interesting that in the Neo-Assyrian period, the name of Erbil came as (Arba- ilu) Many historians have attributed the name of Erbil to that time as the city of four gods This is a mistake because the name was only used at that time and an abbreviated term used by the Assyrians for many cities in Mesopotamia. In the Achaemenid period, the name of Erbil was (Arbira). In the Greek period, the name was (Arbela). Then, according to the times, the name changed to Hawler. These changes are presented on a scientific basis within the framework of the study.

Key words: (Hawler, Cuneiformes text, Arbailu, Urbilum , Urbil )